# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2022

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | **Khabat Technical Institute** | |
| **Department** | **The Legal Administrative Department** | |
| **Module Name** | **Kurdology-Human Rights** | |
| **Module Code** | **KUR101** | |
| **Semester** | **1th** | |
| **Credits** | | |
| **Module type** | **Prerequisite** [ / ] **Core** [ ] **Assist.** [ ] | |
| **Weekly hours** | | |
| **Weekly hours (Theory)** | **( 3)hr Class** | **( 1 )hr Workload** |
| **Weekly hours (Practical)** | **( )hr Class** | **( )hr Workload** |
| **Lecturer (Theory)** | **SharmeenRasool Ahmed**<br>**Kawa yasen salim** | |
| **E-Mail& Mobile NO.** | **Sharmeen.ahmed@epu.edu.iq**<br>**07504303047**<br>**Kawa.salim@epu.edu.iq**<br>**07504826797** | |
| **Lecturer (Practical)** | | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | **Kawa.salim@epu.edu.iq**<br>**07504826797** | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | ئامانج لە خوێندنی ئەم پرۆگرامە ناساندنی زانستی کوردۆلۆجییە بە قوتابییان و باسکردنی ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە دەربارەی  کورد و شارەزایی کردنی قوتابییان بە چەمک و دەربڕاوە تایبەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە (کوردۆلۆجی)، کە مەبەست لێی شارەزا کردنی قوتابییە لە بنەما گشتییەکانی کوردۆلۆجی و ناساندنی وەک زانستێکی سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا پەیوەستدار بە لایەنەکانی ترەوە، هەروەها پێدانی زانیارییە بە قوتابییان و خوێندکارانی کورد، تا شارەزاییان دەربارەی زمان و ئەدەب و جوگرافیا و مێژوو و ئاین کلتور و ڕەچەلەکی کورد هەبێت و ببێتە کارئاسانییەک و بەرچاو ڕوونییەک بۆ خوێندکاران.<br><br>• **ئاما نجی ناساندنی مافەکانی مرۆڤە بە شێوەیەکی گشتی و پوخت، هەروەها بابەتەکان باسی لە دەستپێکی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ و جوڵەی و ئاراستەی ڕەهەندەکانی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەروەها خستنە روو و دیاریکردنی ئاستی یاسا "ئاسمانی و ئایینەکان و شارستانییەکانە" لە پابەندبوونیان بە بەهاو و بنەما گشتیەکانی مافی مرۆڤ، هاوکات باسی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی، وەك سەدەکانی ( ناوەراست و رۆشنگەری و هاوچەرخ ) هەروەها باس لە دانپێدانانی نێودەوڵتی بە مافەکانی مرۆڤ لە رێگای ریخراوە نێودەوڵتیەکادندا، لە پێشەنگی هەموویان دانپێدانانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە بە ماف و ئازادییەکان دەخەینە روو، هەروەها باسی دیموکراسی و جۆرەکانی و مافی چارەی خۆنووسین و گشت ئەو نەهامەتیانەی کە گەلەکەمان بەسەری هاتووە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی بە شیوەی ئەنفال و جینوسايد کە دژی میلەتەکەمان کراوە لە ژێر دەستی دەسەلاّتە ستەم کراوەکان ی دوا بەدوای یەك . هەروەها ناساندنی جیندەرو تیوەرەکانی.** |

| | |
|---|---|
| **Course objectives** | ئامانج لە خوێندنی ئەم پرۆگرامە ناساندنی زانستی کوردۆلۆجییە بە قوتابییان و باسکردنی ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە دەربارەی کورد و شارەزایی کردنی قوتابییان بە چەمک و دەربڕاوە تایبەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە (کوردۆلۆجی)، کە مەبەست لێی شارەزا کردنی قوتابییە لە بنەما گشتییەکانی کوردۆلۆجی و ناساندنی وەک زانستێکی سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا پەیوەستدار بە لایەنەکانی ترەوە، هەروەها پێدانی زانیارییە بە قوتابییان و خوێندکارانی کورد، تا شارەزاییان دەربارەی زمان و ئەدەب و جوگرافیا و مێژوو و ئاین کلتور و ڕەچەلەکی کورد هەبێت و ببێتە کارئاسانییەک و بەرچاو ڕوونییەک بۆ خوێندکاران.<br><br>• **جەخت کردنە لەسەر دانپێدانانی نێودەوڵتی بە مافەکانی مرۆڤ.**<br>• **زیاتر جەختکردنە لەسەر پێناسەی ناوەرۆکی مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافانەی لە راگەیاندنە جیهانییەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ راگەیاندراوە..**<br>• **رەهەندەکانی دەستەبەری مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان.**<br>• **دیاری کردن و ئاشناکردنی گەلەکەمان بەو ستەمانی لێی کراوە لە قۆناغەکانی جیا جیای ژیانی بە شێوەی جینۆساید.**<br>**پیناسەی جیندەر و دیاری کردنی تیوەرەکانی.** |
| **Student's obligation** | لەسەر قوتابی پێویستە بەشداری بەردەوامییان هەبێت لە پرۆسەی وانەگوتنەوەدا ئەویش بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن مامۆستاوە ئاراستەیان دەکرێت، هەروەها ئەنجامدانی (چوار)کویز و پێشکەشکردنی سیمینار و ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە و ڕاپۆرت و تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز، |
| **Required Learning Materials** | بەکارهێنانی (پاوەرپۆینت)، لە ڕێگەی داتاشۆوە، بۆ ناونیشانە سەرەکییەکان و سەردێر و پێناسە و پوختە و دەرئەنجامەکان، بۆ پۆلێنکردنی بابەتەکان و ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی خاڵە گرنگ و پێویستەکانن وێرای هێنانەوەی نمونەی پێویست لەسەر بابەتەکان. هەروەها بەکارهێنانی پێنووسی ماجیک و تەختەی سپی، بەشدارپێکردنی قوتابییان لە هێنانەوە و نووسینەوەی نمونەکاندا. هاوکات پێدانی سەرچاوەی بەکەلک، بۆ ئەوەی بتوانرێ لەگەڵ موحازەرەکەدا هاوکارێک بێ بۆ ڕوونکردنەوە و گەیاندنی بابەتەکە. |

| | |
|---|---|
| **Assessment scheme** | 24% Mid Term (Theory and practical)<br>4% Quiz<br>32% Assignment (report, paper, homework, seminar..)<br>40% final theory |
| **Specific learning outcome:** | ١_ لە دوای تەواوبوونی ئەم کۆرسە چاوەروانی ئەوە لە قوتابییان دەکرێت کە دەرگایەکی مەعریفی و زانستی بدۆزنەوە بۆ تێگەیشتن و دەستخستنی زانیاری لەسەر نەتەوەکەمان<br>٢_ هەروەها توانای تیگەیشتنی هەبیت لە هەموو بەشە جیاجیاکانی وەکو زمان، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، ئاین...<br>٣_ ئەو هەستە نیشتمانییەی لا دروست بێت کە پێویست دەکات چ هەنگاوێک بنێت بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و پاراستنی زمانەکەی بۆ نەوەکانی داهاتوو<br>٤_ جگە لەمانە ، هەروەها درک بەوەش بکات کە وەک تاکێکی کۆمەڵگە پێویستە چ هەوڵێک بدات بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد لە قەیرانی نەبوونی زمانی ستاندارد<br>٥_ فێربوونی بەکارهینانی ڕێنووسی لاتینی و کێشە و ئاریشەکانی هەردوو ڕێنووسی عەرەبی و لاتینی. |
| **Course References:** | ._کوردۆلۆجی، پ.ی. سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵا و ئیدریس عەبدوڵا، چاپی چوارەم، چاپخانەی منارە،هەولێر، 2009.<br><br>٢_ کوردناسی، م. سەرسام خەلیل عومەر و م. شاکر رەزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٨.<br><br>٣_کوردۆلۆجی، د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١١.<br><br>٤_مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپی دووەم،1971.<br>٥_ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د.شوکریە رەسول، |

| | |
|---|---|
| | مطابع التعليم العالي، 1989.<br>٦_مێژووی کورد و کوردستان، محەمەد مەردۆخی کوردستانی، و. عەبدول کەریم محەمەد سەعید، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. سلێمانی، 2007<br>٧_مێژووی ئەدەبی کوردی ، د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2010.<br>٨_التنظيم القانوني لضمانات حقوق الانسان و حرياته، د.كاوة ياسين سليم، مكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، 2018<br>9_حقوق الانسان تطوره و مضمونه و حمايته، د.رياض عزيز هادي، 2017<br>10_اليات التنظيم الدولي لحماية حقوق الانسان، طاهر بو جلال، 2013<br>11_ حقوق الانسان، د.ماجد راغب الحلو، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2006. |

| **Course topics (Theory)** | **Week** | **Learning Outcome** |
|---|---|---|
| چەمک و پێناسەی کوردۆلۆجی | یەکەم | |
| چەمک و پێناسەی زمان | دووەم | |
| ئەرک و تایبەتمەندییەکانی زمان | سێیەم | |
| ئاستەکانی زمان | چوارەم | |
| خێزانە زمانەکانی جیهان و شوێنی زمانی کوردی | پێنجەم | |
| دابەشبوونی زمان و پەیدابوونی زار | شەشەم | |
| دیالێکتەکانی زمانی کوردی | حەوتەم | |

| | | |
|---|---|---|
| زمانی ستاندەر | هەشتەم | |
| فۆنیمەکانی زمانی کوردی | نۆیەم | |
| ئەدەبی کوردی، جۆرەکانی ئەدەب | دەیەم | |
| هونەرەکانی ئەدەب، ئەدەبی فۆلکلۆر | یازدەم | |
| جوگرافیای کوردستان، سنوری کوردستانی گەورە | دوازدەم | |
| **مافی مرۆڤ و جینۆساید** | **Week** | **Learning Outcome** |
| مافی مرۆڤ (چەمک و پێناسە)<br><br>مێژووی مافی مرۆڤ (سەرهەڵدان و پێشکەوتنی مافی مرۆڤ) | یەکەم | |
| پۆلێنکاری مافی مرۆڤ _ جۆرەکانی مافی مرۆڤ _ خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ | دووەم | |
| سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ_ سەرچاوە نیشتمانییەکان (دەستورویاساکان)، سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان (ڕێکەتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان) | سێیەم | |
| پاراستنی مافی مرۆڤ (لە حاڵەتی ئاشتی و شەڕ)<br><br>میکانیزمی پاراستن و بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ | چوارەم | |
| جینۆساید (چەمک و پێناسە) مێژووی جینۆساید، ئامانجەکانی جینۆساید | پێنجەم | |
| شێوازەکانی جینۆساید<br><br>ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادان لەسەر جینۆساید | شەشەم | |
| جینۆساید دژی میللەتی کورد<br><br>ئەنفال و کیمیاباران_جینۆسایدی ئێزیدیەکان | حەوتەم | |
| کاریگەریەکانی ئەنفال لە ڕووی (مرۆیی_ئابوری_ژینگەیی)<br><br>هەڵەکانی ناساندنی جینۆسایدی کورد (لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەڵەتی) | هەشتەم | |
| ناساندنی جێندەر_ چەمک و پێناسە | نۆیەم | |

| | | |
|---|---|---|
| | دەیەم | تیۆرەکانی جێندەر |
| | یازدەم | پێگەی ئافرەتی کورد لە مێژوودا |
| | **دوازدەم** | جێندەر و خێزان_ جێندەر و کلتور_ جێندەر و سیاسەت_ جێندەر و ئابووری |

**Questions Example Design**

## پرسیارو وەڵامی نمونەیی

**نمونەی پرسیارەکان:**

پ[١]/ سێ لەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:

١_کوردۆلۆجی ٢_دیالێکت ٣_زمان ٤_فۆنۆلۆجی

---

پ[٢]/تایبەتمەندییەکانی زمان بژمێرە و باسیان بکە.

---

پ[٣]/ئەم [بۆشاییانەی] خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەوە:

١_.................... ئاستێکی گرنگی زمانە، کە لە دیوی ناوەوەی هێما یاخود زمان دەکۆڵێتەوە، واتە پەیوەندی بە (ناو و ناولێنراو) هەیە.

٢_شێوەزارەکانی دیالێکتی گۆران بریتین لە .................... و .................. و ....................

٣_.................. و .................. بریتین لەو کوردناسە ڕۆژئاواییانەی لە بارەی کورد شتیان نووسیبوو.

٤_وڵاتی کوردان بەسەر چەند هەرێمێک دابەشکرابوون، وەک ................. و ................. و ..................

٥_دێرک کینان کتێبێکی بەناوی .................. لەسەر کورد نووسیوە.

---

پ[٤]/وەڵامی هەردوو لق بدەرەوە.

أ_هەنگاوەکانی چۆنییەتی درووستبوونی زمانی ستاندەر بە ڕێگەی پلانی زمانی باس بکە.

ب_ ئەدەب چییە؟ بە کورتی پێناسەی بکە. ڕەگەزەکانی ئەدەب چین؟ بیانژمێرە.

**وەڵامەکان:**

**پ١/ سێ لەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:**

**کوردۆلۆجی:** کوردۆلۆجی یان کوردناسی لێکۆڵینەوە و ناساندنی مێژوو و جوگرافیا و کلتوور و زمان و ئەدەبی کوردییە بە نەوەکانی تر و گەلانی تر.

**دیالێکت:** یەکێک لەم پێناسانە داواکراوە.

ـ یوسف شەریف سەعید لە کتێبی (زمانەوانی) بەم جۆرە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە)).

ـ محەمەد مەعروف فەتاح لە کتێبی (زمانەوانی)دا بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکت دەکات: ((دیالێکت بەو شێوە زمانە دەگوترێ، کە کۆمەڵە کەسێک لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن)).

ـ ڕفیق شوانی لە کتێبی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)دا بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکت دەکات: ((دیالێکت بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر)).

**زمان:** یەکێک لەم پێناسانە داواکراوە.

چۆمسکی دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات)).

بلۆک و تراگەر دەڵێن: ((زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێت بۆ لە یەکتر گەیشتن بەکاربێت)).

ساپیر دەڵێت: ((زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کار دەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە)).

ئەرستۆ دەڵێت: ((زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی بیرە)).

ئۆڵمان دەڵێت: ((سیستەمێکی هێمای دەنگییە، لە بیری کەسی کۆمەڵ تۆمارکراوە)).

فۆنۆلۆجی: ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لە شێوەکانی زمانێک دەکۆڵێتەوە، واتە؛ لێکدانەوەی دەنگەکانی زمانێکی تایبەت، وەک: دەستنیشانکردنی فۆنیمەکان، دروستکردنی بڕگە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەریان دێت، وەک سوانی دەنگ و گۆڕانی دەنگ و جێگۆڕکێی دەنگ و ...

**پ[٢]/تایبەتمەندییەکانی زمان بژمێرە و باسیان بکە.**

**یەکەم/ زمان دەنگ و واتایە:** زمان لە دوو ئاستدا کار دەکات ئەم دوو ئاستەش بریتین لە دەنگ و واتا، ئاستی دەنگ دروستکردنی دەنگەکان دەگرێتەوە، ئاستی واتاش لێکدانی دەنگەکان دەگرێتەوە.

**دووەم/ زمان پێڕەو و یاسایە: لە** زماندا ئەگەر پێڕەو و یاسا و دەستور نەبێت، ئەوە کردەی تێگەیشتن زۆر زەحمەت دەبوو واتە ئەم سیستەمە لە بچووکترین ئاستەوە، کە دەنگەکانە تا بەرزترین ئاست کە ڕستە و

دەقە پەیڕە و دەکرێت، ئەگەر زمان خاوەنی پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت ئەوا کەس ناتوانێت فێری بێت. ئەم پێڕەوەی باسی لێوە دەکەین ئەوە لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤ لە دایک دەبێت.

**سێیەم/ زمان لە خۆوەیە:** پەیوەندی نێوان هێما و واتا پەیوەندییەکی لە خۆوەیە و بەندە بە ڕێککەوتنی کۆمەڵ، واتە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان (ناو و ناولێنراوەکە)دا نییە، بۆ نموونە وشەی (ئەسپ) هیچ پەیوەندییەک لە نێوان وشەی ئەسپ و ئاژەڵەکەدا نییە تەنیا ڕێککەوتنی کۆمەڵە لەسەر ئەم وشەیە.

**چوارەم/ زمان تایبەتە بە مرۆڤ:** لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی زمانەوانان ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە زمان پەیوەستە بە مرۆڤ، واتە پەیڕەوی گەیاندن لە گیانلەبەران و زیندەوەرانی تردا تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤی تێدا نییە و بە زمان دانانرێت.

**پێنجەم/ زمان ڕەمزە:** زمان لە ڕەمز و هێما پێکدێت بۆ گەیاندنی زانیاری بە مەبەستی هاوکاریکردن، واتە زمان جۆرێکە لە چالاکی کۆمەڵایەتی، ڕەمزیش مەبەستمان لەو هێمایانەیە کە بۆ دەنگ دانراون.

**شەشەم/ زمان داهێنانە:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو زمانێک ئەوەیە، کە بەردەوام گوتنی نوێی تێدا بەکاردێت، ئەو قسانەی کەوا مرۆڤیش دەیکات هیچیان دووبارە نین هەمووی داهێنانی مرۆڤە. هەروەک چۆمسکی دەڵێت: لە توانای مرۆڤدایە ژمارەیەکی بێسنوور ڕستە دروست بکات بێ ئەوەی گوێی لێبوبێت.

**حەوتەم/ زمان زیندووە و لە گۆڕاندایە:** زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە بەڕادەیەک کەوا لە ماوەی چەند ساڵێکدا هیچ لە زمانە بنەڕەتەکە نامێنێتەوە، زمانی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕان و گەشە سەندندایە لەوکاتەی زمان پەیدابووە تا ئێستا زمان بە چەندین قۆناغی جیاجیا تێپەڕیوە.

پ٣/ وەڵامی گونجاو بۆ بۆشاییەکان.

١_ سیمانتیک

٢_ گۆرانی ڕەسەن، هەورامان، باجەلانی، زازا. (٣ لەمانە داواکراوە)

٣_مارکۆ پۆلۆ، کریستین نبوور، قەشە مۆریزۆ گارزۆنی، ئەلیکسەندەر ژابا، ئەلبێرت سۆسین. (٢ لەمانە داواکراوە)

٤_هەرێمی چیاکان (ئیقلیمی جیبال)، غەربی، جەزیرەی فوراتی، ئەمێنیا، لۆر(لوڕستان)، شەهرەزوور، ڕاز. (٣ لەمانە داواکراوە)

٥_ کوردەکان و کوردستان.

**پ٤/ أ_هەنگاوەکانی چۆنییەتی درووستبوونی زمانی ستاندەر بە ڕێگەی پلانی زمانی باس بکە.**

کەم: هەڵبژاردنی زارێک یان بنزارێک

ووەم: بە سیستەم کردن

سێیەم: بەهەمەلایەنکردن

وارەم: جێبەجێکردن

نجەم: قەبوولکردنی جەماوەری

**کەم:هەلبژاردنـــی زارێک یان بنزارێـک:**

پایەی زارێک چ لە لایەنی کۆمەڵایەتی، هەژموونی ئایینی یاخود سیاسی, زۆرگرنگە لە پرۆسەی ەڵبژاردن و دیاری کردنی زارێک لە نێوان زارەکانی زمانێک، بێگومان ئەم هەڵبژاردنە ڕەمەکی نابێت، بەڵکو ەبێت کەسانی زمانەوان و پسپۆر لە بواری زمانەوە ئەنجامی بدەن..

**ووەم: بەسیستەمکــردن:**

لێرەدا یەکخستنی ڕێزمان و فەرهەنگی نەتەوە و ڕێنووس، هۆکاری گرنگن بۆ دامەزراندنی زاری تاندەر، بێگومان ڕێزمان و فەرهەنگ و ڕێنووسێکی یەکگرتوو کۆکردنەوەیەکی رۆحی قوتابی و وێندەواری کوردی لێدەکەوێتەوە، بەمەش تاکەکانی نەتەوە هەست بە یەکێتییەکی نەتەوەی بەهێز دەکەن. وستبوونی ئەو یەکێتییەش ناوەندێکی ستراتیژی دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی زمان.

**ێیەم: هەمەلایەنـــی زمانـــی ستاندەر:**

زاری هەڵبژێردراو بۆ ئەوەی ببێتە زاری ستاندەر و فەرمی وڵات، دەبێت لە هەمووولایەکەوە توێژینەوەی سەر بکرێت و پەرەی پێبدرێت، هەبوونی چەند دەقێکی ئەدەبیش بەو زارە ستاندەرە، کە کاریگەری وچەیی لەسەرەوە نەبێت، هۆکارێکی تر بۆ بەرەو پێش چوونی پرۆسەی بە ستاندەر بوونە و زمانی ئەم ەقە دەبێت ئەدگاری زمانی باڵای هەبێت، لە زمانی ئاخاوتن و زمانی ڕۆژانەی ناوچەیەک دوور بێت.

**وارەم:جێبەجێـکردن:**

پاش ئەوەی زارێک لە زارەکان هەلبژێردرا و بنەماکانی بەستاندەرکردنی بۆ دارێژرا و لە هەموو یەکەوە بەرەو زمانێکی باڵا بردرا کە نوێنەری هەموو نەتەوە بێت نەک ناوچەیەک، ڕۆلی حکومەت دەست دەکات لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانیە، دەبێت حکومەت لە دام و دەزگای خۆی تایبەتی هەر چوار وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، خەڵک هان بدات ئەو شێوە انە بەکار بێنن و بەزمانی خۆیان بزانن.

**نجەم:پەسندکرنـــی جەماوەری:**

لەدەستوری هەرێم، بەندێک هەیە بۆ ڕاپرسی لەسەر شتە چارەنووس سازەکانی نەتەوە، دیاری کردنی مانی خوێندنیش نەک هەر پرسێکی چارەنووس سازە، بەڵکو پرسی پاراستنی نەتەوە و زمانی نەتەوەیە، لەم ڕانگەوە دەبێت پەرلەمانی کوردستان پرسی هەڵبژاردنی زاری ستاندەری کوردی بداتە دەست خەلکی خۆی، ا ئەگەر زۆری خەڵک پەسندی ئەو زارەی کرد، وەک زارێکی ستاندەر بۆ خوێندن، هەروەها هەسێکی تەوییان لا دروست بوو بەوەی ئەو زارە هەر زاری خوێندن نیە، بەڵکو زمانی نیشتمانییە، پرۆسەکە تەواو

بێت و کورد لە قەیرانی نەبوونی زمانی ستاندەر ڕزگاری دەبێت.

پ٤/ب_ ئەدەب چییە؟ بە کورتی پێناسەی بکە. ڕەگەزەکانی ئەدەب چین؟ بیانژمێرە.

**پێناسەی ئەدەب، یەکێک لەمانە داواکراوە.**

ئەمرسن دەڵێت: ئەدەب دەبڕینی بیری پەسندە.

ستیفۆدیرک دەڵێت: ئەدەب ئەو هەست و سۆز و باوەڕەیە کە لە دڵی زرنگ و هۆشیاران پەروەردە دەبێ و وا دەنووسرێتەوە کە هەستی خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێ.

عەلائەدین سەجادی دەڵێت: ئەدەب بریتییە لەو قسە جوانانەی کە لە دوو لێوی شاعیران و نووسەران دێتە دەرەوە و خەیاڵی ناسک و سۆز و بیروباوەڕی دەردەخات.

**ڕەگەزەکانی ئەدەب بیتین لە:**

أ- سۆز (عاطفة): گڵپەیەکە و سەرچاوەیەکی روونە و لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ.

ب- ئەندێشە (خەیاڵ): پەیکەری بیرە، چونکە وشە بەتەنیا ناتوانێ گوزارشت لە بیربکات و بە شێوەیەکی کاریگەر بیانخاتە ڕوو.

ج- بیر: بۆچوونی نووسەرە لە بەرهەمە ئەدەبییەکە دەخرێتە ڕوو.

د-شێواز: ئەو قاڵبەیە کە وشە و رستە و سۆز و ئەندێشەکانی تێدا دادەڕیژرێ.

**پرسیارەکانی مافی مرۆڤ و جینۆساید:**

**پرسیاری یەکەم/ وەلامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

**مافى مرۆڤ چەند شتێك هەیە جیای دەکاتەوە دیاری بکە**(حقوق الانسان لة بعض المميزات يميزة، حددها).

---

**پرسیاری دووەم /**

**پێناسەی جینۆساید بکە و ئامانجەکانی جینۆساید چین بیان ژمێرە**. (عرف جينوسايد وم ثم عدد اهداف جينوسايد)

---

**پرسیاری سێیەم /**

**بە کورتی باسی جیندەر بکە** .

## وةلامي برسيارةكان

## وةلامي برسياري يةكةم

- حقوق الإنسان لا تشتري ولا تكتسب ولا تورث، فهي ببساطة ملك الناس لأنهم بشر، فحقوق الإنسان متأصلة في كل فرد.
- أن جميع الشرائع والفلسفات والنظريات الوضعية على اتفاق بوجوب احترام الحقوق والحريات العامة للأفراد، إلا أنها تختلف حول مضمون هذه الحقوق ومداها من مجتمع لآخر ومن زمان لآخر تبعاً لاختلاف الفلسفات والأفكار السائدة في الدول.
- حقوق الإنسان واحدة لجميع البشر بغض النظر عن العنصر أو الجنس أو الدين أو الرأي السياسي أو أي رأي آخر، أو الأصل الوطني أو الاجتماعي. وقد ولدنا جميعا أحرارا ومتساوين في الكرامة والحقوق، فحقوق الإنسان عالمية.
- حقوق الإنسان لا يمكن انتزاعها، فليس من حق أحد أن يحرم شخصا آخر من حقوق الإنسان حتى لو لم تعترف بها قوانين بلده أو عندما تنتهكها تلك القوانين، فحقوق الإنسان ثابتة وغير قابلة للتصرف.
- وةلامي برسياري دووةم
  - ئامانجەكانى جينۆسايد
- القتل العمد .
- الإبادة الشاملة .
- الإبعاد والنقل ألقسري للسكان .
- التمييز بين الجماعات .
- الانتهاكات الصارخة بحق الإنسان كوجود .
- ممارسة جميع أشكال التعذيب الجسدي والبدني .

وةلامي برسياريسي يةم

ووشەی زاراوەی جیندەر گەرچی بەمانای (جۆر) دێت وشەیەكی ناجیگیرە تا ئیچستا نەتوانراوە بێناسەیەكی ورد بۆ دیارییبكرێت، ئەم ووشەیە (233) جار لە وەسیقەی كۆنگرەی ژنان لە پەكین بۆ ساڵی 1995 بەكار هاتووە.

ریكخراوی تەندروستی جیهانی جیاكاریەكی لە نیوان هەردوو زاراوەی (جنس، جێندەر) كردوە بە دوو شیچوازی جیاواز:

یەكەم: ئاماژەی بە بنەمای (بایلۆجی) یەكانی (پیاو) و دیاریكردنیس پیاو كێیە

دووەم: دیاریکردنی (ژن) بەو مانایەی کە ژن کێیە و ڕۆڵکانی چین، چالاکییەکانی کامانەن، وە ئەو تایبەتمەندیانە چین کە کۆمەڵگە هەریەك لە (ژن و پیاو9 ی تێدا دەبینێتەوە.

لە گۆشەیەکی تریشەوە (نێر و مێ) هەیە و تایبەتە بە جیاکردنەوەی جۆری (جنس) رەگەز کە ئەمدابەشکردنە (نێچرینە و مێینە) لیکجیا دەکاتەوە و تایبەتە بە جۆر و جیاوازی لە رواڵەتی (جنس) ناکرێت.

**Extra notes:**

| |
|---|
| |
| **External Evaluator** |